Komala Party _ Iranian Kurdistan

کومەله _ سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

# پەیامی کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە

## بۆ زیندانیانی سیاسی

هاوڕێیان وخۆشەویستان!

گەرموگەشترین سڵاوی ئێمەتان پێشکەش بێت. بێگومان نەك هەر بۆ ئێمە خەباتکارانی ریزەکانی کۆمەڵە بەڵکوو بۆ زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی وەگیان هاتوو لە ستەم و بێماف لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، یەکەمین گرینگی ئازادی و رزگاری، ئازادیی ئێوە زیندانیانی سیاسییە لە زیندانی داموودەزگای ئەو ئاخوندە ملهوڕانە کە زیاتر لە دوو دەیەیە بۆ درێژە پێدان بە دەسەڵاتی جینایەتکارانەی خۆیان کۆمەڵێك لە باشترین رۆڵەکانی ئەم وڵاتەیان بە دڕدانەترین شێوە و لە زیندانە سەدە ناوەڕاستییەکانی خۆیان دا یەخسیر کردووە. ئەو هەل‌ومەرجەی کە ئێوەی تێدان و هەڵس‌وکەوتێك کە حکوومەت بە ناوی ئایینەوە بەرانبەر بە ئێوە هەیەتی پەڵەیەکی رەش وهەتاهەتاییە بە داوێنی رژیمی ئێرانەوە.

هەرچەند لەم دۆخەی ئێستادا ئیتر زیندان و دیلی، کۆمەڵگا کپ و بێدەنگ ناکا بەڵکوو تەنیا رق و تووڕەیی زیاتر لەم رژیمە هەڵدەخڕێنێ، بەڵام دەست بەسەر کردن و یەخسیر کردنی نەیاران یەکێك لە سەرەکیترین چەکەکانی دەستی کۆماری ئیسلامییە کە بەرانبەر بە ناڕەزایەتیی جەماوەری بەکاری دێنێ و، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا کە حیزبی ئێمە لە بەستێنی سیاسیی ئێران دا چۆتە قوناغێکی تازەی هەڵسووڕانەوە، ژمارەیەکی زۆر لە خەباتکاران و لایەنگرانی کۆمەڵە بە دەستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی یەخسیر کراون. ئێستاش دروشمی "زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ" دروشمی سەرزاری خەڵکی ئێران و کوردستانە.

کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە جارێکیتر سڵاوی گەرمی خۆی دەنێرێ بۆ هەموو زیندانیانی سیاسی، بۆ هەموو ئەوانەی کە لە رێگای خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی و لە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریی خەباتیان کردووە و ئێستا لە سیاچاڵەکانی رژیم دا بەسەر دەبەن.

هەروەها کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە، سڵاو دەنێرێ بۆ هەموو ئەو خەباتکارانەی کە لە پەیوەند لەگەڵ کۆمەڵەدا کەوتوونەتە زیندانەکان و لە حاست خۆڕاگری و گیانبازیان سەری رێز ونەوازش دادەنەوێنێ. بە هیوای ئەو رۆژەی کە رۆژی پرتووکان و پچڕانی زنجیری دیلێتی بێ، بە هیوای ئەو رۆژەی کە چەمکی زیندانی سیاسی ئیتر هی رابردوو بێ.

کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

پووشپەڕی ١٣٨٢ ، ژوئیەی ٢٠٠٣

www.komala.org
Email: Komala1348@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: **(0044704)3124711**
Mobile: **00447077537465**